# بەشوێن پێکانی گەنجێکی دەست بەتاڵدا .

(1)

## ئەگەر تەمبەڵێکیش هاتە قسە

محمد حسێن



ماوەیەکە بەوەخت و ناوەخت ، بەخێرو بەشەڕ ، تەمبەڵی گەنجی کورد بۆتە شوێنی مشتەکۆڵەی چەند بەڕێزێك ، ئیتر پێوەرەکانی دیاریکردنی تەمبەڵی چیەو چۆنە ؟ کێ ئەم تەمبەڵیەی دروستکردووە و چۆن هەروا لە (کن فیکون ) ێکدا ئەم کۆمەڵگا هەمووی تەمبەڵ بوو؟ پرسیاری ئەم بەڕێزانە نیە ، چونکە لەبناغەوە ئەم تێگەیشتنەی ئەوان پەرچەکرداری ئەو گوتارە گەنجانەیە کە ئەیەوێت نوێنەری خواستەکانی زۆرینەی بێدەنگی کۆمەڵگا بێت . لەوە ئەچێت زۆریش ناهەقیان نەبێت ، چونکە کەم نین ئەو گەنجانەی بەتیشێرتێکەوە ئەیانەوێت گیڤارای سەردەمەکە بن ، باوەڕبکەن ڕۆستەمی زاڵیش بخەینە شوێنی ئەم حکومەتە هەرئەترسێت و قەڵەم بەدەستەکانی خۆی هان ئەدات .. لەشاشەی یەکێك لەکەناڵە ئاسمانیەکانەوە ، جەنتڵمانێك کەخۆی شەڕی ناوخۆ کردیە سۆپەرستاری ڕاگەیاندنی کوردی ، جامی غەزەبی خۆی ڕژاندە سەر ئەو گەنجانەی " زماندرێژانە شوڵیان لێ هەڵکێشاوەو حیزب و حکومەت و سەرۆك و میسداقیەتی هەموو بەرپرسەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە " ، بەتوڕەییەکەوە ئەوەی پێ ئەگوتین کە چۆن " ئەم گەنجانە بۆخۆیان هیچیان پێ نیە پێشکەشی ئەم وڵاتەی بکەن ، بەڵکو پێرێك زگوردی تەمبەڵن و تەنها ئەیانەوێت لەگەرم بخۆن و لەنەرم بخەون ، گەرماو سەرمای ڕۆژەسەختەکانیان نەبینیوە و بێ منەتن لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین " ، دیارە لەبەرامبەریا کەسێك نەبوو پێی بڵێت ، ئاخر بەڕێز تەمبەڵی و هیچ نەکردن زۆر لەو کردەوانە باشترە تۆی گەیاندۆتە ئەم پلەو پایە ..!

با لێیگەڕێن ئەویش قسەی خۆی بکات ، چونکە گەر نەیکات ناژی ، ئەمە جەبری ژیان و ململانێی مانەوەیە لەسەرکورسی ، ئەگەرچی تەماشاکردنێکی سادەی بازاڕەکانی کوردستان ئەوەمان نیشان ئەدات بۆچونێکی وەها چەند توانای سەلماندن و argumen ی نیە ، چەندە بێ کەڵك و بێ ناوەڕۆکیشە بۆسەرەتای هەر گفتوگۆیەك لەسەر پرسی تەمبەڵی بەگشتی ، دواتریش تەمبەڵی لای گەنجی کورد .

هەرکەسێك بیەوێت لەگرفتی تەمبەڵکردنی کۆمەڵگای کوردی تێبگات ، پێویستە دوو بڕیاری سیاسی زۆر گرنگی لەبیرنەچێت ، یەکەمیان سیستەمی دروستکردنی جاشەخەفیفەکانی ڕۆژگاری بەعس بوو ، دووەمیشیان پرۆسەی بەپۆلیس کردنی کۆمەڵگای کوردی دوایساڵی 2003 یە ، ڕاستە ئەم دوو بڕیارە لەدوو سەردەم و ئەتمۆسفێری جیاوازدا هاتۆتە ئاراوە ، بەڵام هەردووکیان هەر یەك ئەنجامی لێکەوتەوە و دەرهاویشتەی یەك سیاسەتیش بوو ، کە بریتیە لە ، ئستغلال کردنی ئابوری وڵات بۆمەبەست ومەرامی پیاوەکانی حکومەت statesmans ، ئەوەی بیەوێت لەهۆکارەکانی تەمبەڵی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردی تێبگات ، پێویستە لەم سەرەتا سادەوە دەست پێ بکات .

دیارە تەمبەڵی بۆخۆی کەڵچەرێکە ، ئەنجامی ڕستێك خراپ پەروەردەکردن و خراپ پێ گەیاندن و خراپ تێگەیشتنە لەژیانی ئابوریدا ، کە ئەوەندەی دەسڵات و کۆمەڵگاو دەزگا پەروەردەییەکان لێ بەرپرسیارن ، کەسی تەمبەڵ خۆی لێی بەرپرس نیە . بەپێچەوانەوە تەمبەڵەکان قوربانی ئەو بارودۆخەخراپانەن کە لەسەر تەمبەڵی ڕای هێناون ، کەسێك نیە لەم دنیادا بەتەمبەڵی لەدایك بوبێت ، هەمیشە بازاڕی دواکەوتو و ئابوری گەندەڵ و کرمیناڵی ، مرۆڤی مشە خۆر و تەمبەڵ دروست ئەکات . بۆئەوەی لەمرۆڤێکی تەمبەڵ تێبگەین پێویستە بڕۆین لەخێزان و قوتابخانەکەیەوە دەست پێبکەین ، لەسیاسەتی ئابوری وڵاتەکەو ، ئاستی چلاکیەکانی بازاڕی ئەو وڵاتە تێبگەین ، نەك بێین یەخەی ئەو کەسانە بگرین کە ئەمڕۆ تەنها قوربانیەکن لەهاوکێشەکەدا .

ئەگەر بەستانداردی ئابوری و بازاڕەکانی وڵاتانی گەشەکردوو سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین ، ئەوا کێشەی ئێمە زۆر لەوەگەورەترە کە لەناو توژێکی کۆمەڵایەتیدا گرفتی تەمبەڵیمان هەبێت ، ئێمەتەواوی سیستەمەکەمان هەڵەیە و لەسەرگەردانیدا ئەژی ، تەواوی کایەی ئابوریمان لەلایەن پیاوەکانی حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیراوە ، زۆربەی زۆری چین وتوێژەکانی تریش لەبەتاڵەیەکی ڕوپۆشکراودا ئەژین

. خۆزگە ئەو بەڕێزانەی وەها لەگەنجی کورد ئەڕوانن , ئاوڕێکیشیان لە سیاسەتی ئابوری حکومەت بدایەتەوە , ئەو پاشاگەردانیەیان بدیایە کە بازاڕەکانی کوردستان تیا ئەژی . ئەوسا دیاربوو کە لەکوردستاندا پرۆسەی (تەمبەڵکردن ) چۆن بەبەرنامەوە بەڕێوە ئەچێت , دیار بوو ئەو مشە خۆرانە کێن کە هەرگیز چالاکیەکی ئابوریان لەم وڵاتەدا نیە و هیچ کارێکیش ناکەن , کەچی بەردەوام گیرفانەکانیان پڕە لەموچەی چەور و قەبە .

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم گرفتانە حوکمدانی گەنجی کورد بە تەمبەڵی , تاڕادەیەکی زۆربێ مانا و گەمژانەیە , خۆزگە بەئامارێك ژمارەی ئەوگەنجانەیان نیشاندایەین کە لەبێکاریدا ئەژین , ژمارەی ئەو هەلی کارانەیان نیشاندایەین کە هەروا بەچۆڵی ماوەتەوە , بێگومان ئەو کات ئەکرا وردتر قسەلەسەر دیاردەکە بکەین , بەڵام کاتێك ژمارەو داتامان لەبەردەستدانیە , هەر حومدانێکی وەها تەنها کەشی جەلەحانێ و مشتومڕی بێزەنتی گەرم ئەکات .

ئەم بابەتە چیرۆکی پیاوێکی گەرمیانیم بیرئەخاتەوە کاتێك بۆسەردان ئەچێت بۆماڵی خوشکە هەتیو بارەکەی , کە بەخێرهاتنی ئەکەن یەکسەر ئەڵێت " ئای بەداخەوە نەم زانی جەلەیەك خورمای مەندەلاوی بۆخوشکەزاکانم بێنم " , خوشکەکەیشی پێی ئەڵێت " قەیدی نیە براکەم , یاخواخۆت بەخێربێیت خورمامان ناوێت " , خاڵەیش پێ داگیری ئەکات و ئەڵێت " بەخوا ئەیخۆیت چۆن خورماتان ناوێت , بیخۆن خورما نیعەمتێکی... " ژنە بەستەزمانەکەیش لێی دێتە دەنگ و ئەڵێت " ئاخر براکەم تۆ هیچت هێناوە تا ئێمە نەمانخواردبێت ؟ " . جێی خۆیەتی گەنجی کوردیش بپرسێت , ئەوە کام بازاڕ و هەلی کارێکە ئێمەی بانگ کردووە پەلامارمان نەدابێت , ؟

muhemedhusen@yahoo.com